هێلین

HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هەشتی مارس و بەردەوامی تێکۆشان بۆ ئازادی و یەکسانی

د.ڤیان سلێمان

هەشتی مارس بە تێکۆشان و قوربانیدانی گەورەی ئافرەتان بەدەست هاتووە، ئەو ڕۆژە، ڕۆژی بە ئاگاهاتن و یەکگرتنەوەی ئافرەتانە بەرامبەر جیاکاری و ناهاوسەنگی پێگەی مرۆڤبوونیان . ئەو ڕۆژە، ڕۆژی داواکردنی مامەڵەی یەکسانە . ڕۆژی بەرخودان و وەستانەوەی ئافرەتە بەڕووی ستەم و نادادپەروەری. ئەگەرچی ڕووداو و فاکتەرەکانی دروستبوونی هەشتی مارس تایبەتە بە تێکۆشانی ئافرەتانی ئەمەریکا و وڵاتانی پیشەسازی کە ئافرەتان دەستحەقی کەمتر لە پیاویان پێدەدرا و دەچەوسێنرانەوە، بۆیە داوای کرێی یەکسانیان دەکرد. دواتریش داواکارییەکان فراوانتربوون، بەگشتی ئافرەتانی توێژەکانی دیکەش داوای یەکسانی و مافی یاسایی و سیاسییان دەکرد، بەڵام بەگشتی هەشتی مارس بۆ هەموو ئافرەتانی جیهان گرنگی و پیرۆزی خۆی هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئافرەتان لە تەواوی کۆمەڵگەکان پرسێکی هاوبەشیان هەیە، کە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ لێکەوتەکانی هزری باوکسالاری کە بوویتە مایەی ستەم و نادادپەروەری لەسەر ئافرەت و تێکۆشانە بۆ ژیانێکی باشتر، هەربۆیە هەشتی مارس دەرفەتێکە بۆ شانازیکردن بە دەستکەوتەکان؛ هاوکات وێستگەیەکە بۆ سووربوون لەسەر پرەنسیپەکانی تێکۆشانی یەکسانخوازی بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە. لەهەمانکات وەک دەبینین دوای ئەو مێژووە دوورودرێژە و دوای چەندین گۆڕانکاری لە سیستەمی جیهانی و باری کۆمەڵایەتی گەلان و کاریگەرییەکانی جیهانگیری،دوای خەباتی دوورودرێژی ئافرەتان بۆ ماف و یەکسانی؛ تا ئێستاش لە هیچ شوێنێکی دونیا ئافرەتان بە تەواوی بە ماف و دەرفەت و لێپرسراوەتی یەکسان نەگەیشتوون. تەنانەت لە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا ڕووبەڕوون لەگەڵ توندوتیژی و جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر.

ئافرەتی کوردیش وەک سەرجەم ئافرەتانی جیهان خاوەن مێژوویەکی پڕ تێکۆشانی یەکسانخوازی، هاوکات ئازادیخوازی نەتەوەییە، ئەگەر ئافرەتانی جیهان تەنها لەبەر ئافرەتبوونیان ستەمیان لێکرابێ و چەوساو بووبنەوە؛ ئەوە ئافرەتی کورد دوو جۆر چەوسانەوەی لەسەربووە، لەلایەکەوە چەوسانەوەی نەتەوەیی لەلایەن وڵاتانی داگیرکار لەلایەکی دیکەش چەوساوەی دەستی هزری پیاوسالاری و ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە ئافرەت بە کەمتر و لاوازتر لە پیاو دەبینێ و مافی خاوەنداری ئافرەت بە پیاو دەدات، کە لەمەشیاندا کاریگەری کولتوری وڵاتانی داگیرکەر ڕۆڵی باڵای هەبووە، ئەمەش لەبەرئەوەی کولتوری نەتەوە باڵادەستەکانی ناوچەکە هەڵگری زۆرێک لەو بەهایانەیە، کە ڕێگرن لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی مافی مرۆڤ بە تایبەتی مافی ئافرەت، داگیرکەران بە تەنها خاکیان نەویستووە، بەڵکو هەوڵیان داوە فەرهەنگ و شارستانیەتی خاکەکەمان بشێوێنن و دیاردەی نامۆ بهێننە نێو هزری کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەکەمان.

لەمڕۆدا، ئەگەرچی ئافرەتانی کورد گیرۆدەی دەستی بیری باوکسالارین و ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، سەرەڕای هەوڵی زۆر لایەنی فەرمی و نافەرمی لێرەو لەوێ گوێبیستی ڕووداوی توندوتیژی دەبین دەرهەق بە ئافرەتان ئەوەندە دڕندانەیە ڕاماندەچڵەکێنێت و پێویست دەکات لە خەباتی ڕێکخراوەیی مەدەنی زیاتر بەردەوام بین و زیاتر پێداگیری بکەین لە گەیشتنی ئافرەتان بە مافەکانیان، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە پێش چاو بێت، کە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەیان بڕیوە و پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، ئەگەر ئێمە گۆڕانکارییەکان نادیدە بگرین و ستایشی دەستکەوتەکان نەکەین و بە گرینگیان نەزانین، ئەوا لە پرسە بنەڕەتییەکە دوور دەکەوینەوەو دەکەوینە دوای گوتارێک کە ئەجینداکەی ناڕوونە و هەریەکەو بۆ مەبەستێک ئاڕاستەی دەکات.

بە گەڕانەوە بۆ مانا جەوهەری و سیمبولییەکەی هەشتی مارس، کە شانازیکردن بە دەستکەوتەکان و سووربوون لە تێکۆشان بۆ دەرچوون لە پێگە و ڕۆڵە نەریتی و بارە سەپێنراوەکە بەسەر ئافرەتە، ئەگەر گوزەرێکی خێرا بەم سێ دەیەی ڕابردوودا بکەین و بارودۆخی خۆمان بهێنینە پێشچاو و لە خۆمان بپرسین ئێمەی ئافرەتانی کوردستان لەم سی ساڵەی کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەرقەرارە چەند دەستکەوتمان بەدەست هێناوە و چی جۆرە گۆڕانکارییەک بەسەر ڕوانگە کولتوری و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پرسی ئافرەت هاتووە، بە دڵنیاییەوە ئێمە دەستکەوتی گەورەمان بەدەستهێناوە و گۆڕانکاری بەرچاو دروست بووە، هەر لە بوونی یاساکان تا بوونی دامودەزگا فەرمییەکانی تایبەت بە بەرەنگاری توندوتیژی و تا زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت لە ناوەندەکانی دەسەڵات و دامەزراوە فەرمییەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی؛ هەروەها پێشکەوتنەکانی ئافرەت لە بواری خوێندن و زانستی و پیشەیی و

> ئێمە هەشتی مارس لە خۆمان پیرۆز دەکەین و شانازی بە دەستکەوتەکان دەکەین و بە دەنگی بڵند دەڵێین بەڵێ تێکۆشانی ئافرەتانی کوردستان بەرهەمی هەبووە

تێکەڵبوون بە بازاڕی کار تا ڕۆڵی کاریگەر لە بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و فەرهەنگ بەشێوەیەکی گشتی تا گۆڕانکارییەکان لە باری خێزان؛ لە بواری ئەرک و مافی هاوسەران.

هەربۆیە، ئێمە هەشتی مارس لە خۆمان پیرۆز دەکەین و شانازی بە دەستکەوتەکان دەکەین و بە دەنگی بڵند دەڵێین بەڵێ تێکۆشانی ئافرەتانی کوردستان بەرهەمی هەبووە. لەهەمانکات پارێزگاری لە دەستکەوتەکان دەکەین و لە بەرامبەر هەر پشێلکارییەک دەنگ و هەڵوێستی ئافرەت دەبین، لەسەر ئامانجەکانمان پێدادەگرین و بۆ کۆمەڵگەیەک کە هەموو بوار و سێکتەرەکانی یەکسانانە لە نێوان ئافرەت و پیاو بەڕێوەببرێت درێژە بە تێکۆشان دەدەین. هەشتی مارس لە سەرجەم ئافرەتانی کوردستان پیرۆزبێ. درود بۆ گیانی ئافرەتانی شەهیدی ڕێی یەکسانی و هاوسەنگکردنەوەی ژیان.

پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان

٨ی مارس، ڕۆژی شانازیکردنە بەدەستکەوتەکانی ئافرەتان لە رابردوو و ئێستادا، ڕۆژی بریاردانە لە بوونی رەگەزی مێ وەک هاوبەش و کاریگەر لەبەشداریکردن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە.

لەهەرێمی کوردستان، خەباتی ئافرەتانی کوردستان لەپێناو بنیادنان و چەسپاندنی ئەو رۆڵ و ئەرکە راستەقینەیە کە چەندین ساڵە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی ئافرەتان لەرێگەی چالاکی و هێڵی جیاوازەوە کاری بۆ دەکرێت.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەردەوام پێداگیری لەسەر یەکسانی جێندەری لەخێزان و کۆمەڵگە دەکاتەوە، لەو جیهانبینییەوەیە بۆ دروشمی ئەمساڵ بۆ رۆژی جیهانی ئافرەتان شکاندنی ئەو بەربەستانەی کە هزری دواکەوتووی کۆمەڵگە دروستیکردوون و بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم سەلماندنی مرۆڤبوونی ئافرەت، کردۆتە دروشم و کاری بۆ دەکات. هاوکات داوا دەکەین کە زیاتر گرنگی بە پرسی ئافرەتان بدرێت و ئەم خاڵانەش وەک میکانیزمێک بۆ چارەسەر و باشترکردنی رەوشی ئافرەتان دەخەینەڕوو:

١. دیاردەی ئافرەتکوژی کۆتایی پێبهێندرێت، چونکە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە ئەگەر رێگەی لێنەگیرێت دەبێتە کلتوورئەمەش تەواو پێچەوانەی دابونەریتی کوردەوارییمانە.

٢. پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان بەهەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەرێگەی بەرنامەی جیاوازەوە کاربکەن بۆ تێگەیشتن و بڵاوکردنەوەی کلتوری مرۆڤسالاری لەکۆمەڵگەدا، و دانانی رێگەچارەی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی کێشە خێزانییەکان کە لەئەنجامی تێگەیشتن و پەیوەندییەکی دروست لەنێوان هەردوو رەگەز بەرامبەر بەیەکتر دروست دەبێت.

٣ .سزای توند بەسەر بکوژانی ئافرەتدا جێبەجێ بکرێت و بەهیچ شێوەیەک دانیشتنی کۆمەڵایەتی بۆ دەرچوونیان لەسزاکانیان، پەسەند نەکرێت.

٤. میدیا و میدیاکارانی کوردستان چیدیکە چیرۆکی کوشتنی ئافرەت وەک مانشێت بەکارنەهێنن، بەڵکو تەرکیز بکەنە تاوانباران و ئاماژە بەو سزایانە بدەن کە بەهۆی ئەو کارە نامرۆڤانەوە وەریدەگرن.

٥ .پێویستە ئافرەتانی کوردستان هۆشیارترین لەبەرامبەر هەر نادادپەروەری و زوڵمێک بەرامبەریان دەکرێت و لەرێگەی یاساوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن، بۆئەوەی درێژەنەکێشێت و نەبێتە هۆکاری بڕیاری هەڵە لەبری رزگاربوون لەئاریشەکان کۆتایی بەژیانی خۆیان بێنن.

ئەم رۆژە جیهانییە لەتەواوی ئافرەتانی کوردستان پیرۆزبێت، هیوادارین چاونەترسانە ئەو بەربەستانە بشکێنن کە بوونەتە رێگر لە گەیشتن بەئامانج و مرۆڤبوونیان.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٨ی مارسی ٢٠٢٢

هەولێر ژمارە (٣٦٢٦) ٢٠٢٢/٣/٨

حەیات مەجید

بوێرە ژن

چ لە کوردستان و چ لە جیهانیشدا، بۆ ناسینەوەی بوێریی و دەستنیشانکردنی شـێواز و ئاسـتەکەی، پێوەری تایبەت هەن، کە هەر یەکـە لە کایەکانی (شـوێن، کات، کولتوور، ئاین، واقیعی کۆمەڵایەتیی) کاریگەرییان لەسـەر داڕشتنییان هەن، هەر ئەمەیشە وا دەکات کە پێوەرەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بن.

ئافرەت بوونەوەرێکە هەم بوێرە هەم لە خۆبووردووە، هەر ئەو بوێری و لە خۆبووردووەیش وا لێدەکات، کە بەرگەی سەختی و تەنگوچەڵەمەکانی ژیان بگرێت و مانایەکی ترییان پێبدات.

کێشـە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناویشییاندا کێشە خێزانییەکان کە زۆرجار جیابوونـەوە و لێکترزانی خێزانیی لێدەکەوێتەوە، لەو کێشـە بەربڵاوانانەن کە لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا بوونییان هەیە، بەڵام ئەو کێشانە زیاتر ئاستی بوێـری و لـە خۆبووردووی ئافرەت بـە دیار دەخەن، چونکـە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، ئافرەت قوربانیی سەرەکییە و باجە قورسەکەی ئەو کێشانە دەدات.

ئەگـەر کۆمەڵگەی کوردی بـە نموونە وەربگرین، دەبینیـن کاریگەرییە نێگەتیڤەکانـی ئەو کێشـانە، لە ئاسـتێکی فراواندا ڕووبـەڕووی ئافرەت دەبنـەوە و دەروازە بەڕووی دڵڕەقییەکی فراوانـی کۆمەڵایەتیی دەکەنەوە، کـە زیاتر ئافرەت بـە ئامانج دەگرن، چونکە هەر لە توانج لێدان و هەوڵدان بۆ سـنووردارکردنی ئازادییەکانییەوە، تا هەوڵـدان بۆ کەمکردنەوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و بە کەم سـەیرکردنی کەسایەتییەکەی، لەسەر ئاستێکی فراوانـی کۆمەڵایەتـی درکی پێدەکرێـت، ئەمەیش بە داخـەوە دەرخەری هۆشیاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە، کە لە ئاستێکی نزمدایە.

لـەو بڕوایـە نیم هیـچ ئافرەتێک بـۆ جیابوونەوە بچێتە ناو پرۆسـەی هاوسەرگیرییەوە، یاخود چاوەڕێی مەرگی هاوسەرەکەی بکات و بەو خەیاڵەوە هەنگاو بەرەو پرۆسـەکە بنێت، بەڵکو بەوپەڕی دڵخۆشیی و گەشبینییەوە بـاوەش بۆ ئەو ژیانە دەکاتەوە، کە نازانێت داهاتووەکەی چی دەبێت، بەڵام کاتێک بە هەر هۆکارێک بێت، ڕووبەڕووی لێکترازانی خێزانی دەبێتەوە، یان بـە بڕیارێک دەگات، کە ئیتر لەگەڵ هاوسـەرەکەی نەژی، ئیتر ڕووبەڕووی دۆخێکی سـەخت و تاقەتپڕوکێن دەبێتەوە، ڕووبەڕووی غەدر و دڵڕەقییەکی فراوانی کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە، کە بەرگەگرتنی پێویسـتیی بە بوێرییەکەی لە ڕادەبەدەر هەیە.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ کێشـە بکەین، دەبینین سـەرەڕای چاوەڕوانی ئافرەت بـۆ ئەو دۆخەی کە لە ئەنجامی بڕیاری جیابوونەوەیەوە ڕووبـەڕووی دەبێتەوە، بـەڵام کاتێک بابەتەکە دەگات بە کەم سـەیرکردن و بێڕێزیکـردن لە بەرانبـەری، بوێرانە بڕیارە درووسـتەکە دەدات، هەموو بێڕێزییەک ڕەت دەکاتەوە و ئازایانە شـان دەداتە بەر سـەختییەکانی ژیان و دەسـتبەرداری مافەکانی خۆی نابێت، ئەم جـۆرە ئافرەتانە، بوێرانە بۆ مافەکانی خۆیان دەجەنگن، ئەمەیش دەرکەوتنی ئەو هۆشیارییە درووستەیە، کە مرۆڤانە دەیەوێت وەک خۆی بێت و کەرامەت و شکۆی لەسەرووی هەموو شتێکی ترەوە دابنێت و سازشی لەسەر نەکات.

بە داخەوە لە کوردسـتان، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشـاندایە، کە بەرزبوونەوەی ئامارەکانیش چەند هۆکارێکی هەن، ڕەنگە بەشـێک لە هۆکارەن بریتی بێت لە تێنەگەیشـتنی هاوسەران لە یەکتری، بێبەهابوون و کەمسـەیرکردنی یەکتری، یـان قبوڵنەکردنی جیاوازییەکان، بەڵام کاتێک دەگاتە سەر شێوانی شیرازەی خێزانیی و لێکترازانیی خێزانیی، ناکرێـت هەمیشـە ئافرەت قوربانـی یەکەمی ئەو دۆخە بێـت و کۆمەڵگە دڵرەقانـە مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵکو پێویسـتە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دۆخەکە بکرێت و بابەتییانە هۆکارەکان دیاری بکرێت، لەوەیشـدا شـکۆی مرۆڤ لە بەرچاو بگیردرێت، کە ئافرەت لە بە بوێریی و لە خۆبووردوویەوە لە پێناوییدا دەجەنگێت.

ئافرەتی ئەمڕۆ سەرەڕای هەندێک تێبینیم، بەڵام بۆ مافی خۆی هۆشیارە، ناتوانێـت بەوە ڕازی بێت، بـە بێڕێزی و بێبەهاییەوە لێـی بڕوانرێت، هەر ئەمەیشـە وای لێ دەکات، کە بە بوێرییەوە بڕیار لەسـەر داهاتووی خۆی بدات، هەر ئەمەیشە وامان لێ دەکات، کە بۆ ناسینەوەییان پەنا دەستەواژە درووستەکە ببەین، ئەویش (بوێرە ژن)ە، نەک هیچ دەستەواژەیەکی تر.

روژا جیهانی یا ئافرەتان ٨ ئاداری

سـالا نە کـو ل ٨ ئـاداری روژە کە بـو ئافرەتین جیهانی و کوردسـتانی هاتیە دەسـت نیشان کرن دڤی روژیدا چەندیـن چالاکیین جوراوجـور تیتەکرن وە ک دانانا بەیانامە و پیشکیشکرنا سیمینارا و دانانا پوسـتە را و دابە شکردنا گولان هەروەسا ئەڤ روژە وەک یاسا یەکە بو پاراستنا مافی ئافرەتی و خیزانـی و وەک ریزگرتنەک بوو بزاڤا ئافرتان بـو وەرگرتنـا مافی خو ل هەمی بـوارادا چ ژ لایی بواری کومەلایەتی یان سیاسی یان ئابوری بیتن.

حنان بشـیر خدر بەرپرسا ئەنجومەنی موسل : ئافرە ت هیـز کا مە زنە بو گورانکاری دناڤ جڤاکـی دا، رولە کی گە لە کی گرنگ دیار کر ژ بە ریدا و نوکە ژ کارین ویین چالاک و بزاڤا وی یا بهیز هزریت وین یت جیاواز بو وە رگرتنا مافی خو وە ک ئافرە ت و هە روە سا وە رگرتنا مافی خو بو بە شـداركردن ل سیاسە تی دا . ئافرە ت نیڤا جڤاکی یە و نیڤا دی ژی دئینتە سـە ر دنیایی، بتایبە تی د جڤاکی مە دا هزاران ئافرە ت کاری خـو یی تایبە ت ڤە کریە بشـتە ڤانیا جڤاکی و سـە رکە فتن ئینایە هە روە سا ئە ز وە ک بە رپرسـا ئە نجومە نی موسـل یا ئیکە تیا ئافرە تین کوردستانی دگە ل ستافی خو ئە م بـە ردە م خزمە تا ئافرە تی دکە ین و کو چ داواکاری هە نە و ئاریشە و بدیتنا من و کاری مە دگە ل ئافرە تی کو نوکە ئافرە ت بتر یا ئازادە ببیر و هزریت خو و هە ر جهە کی یان شـوپە کی بچی دی بینی ئافرە ت کار دکە ت چ دایک بیتن یان قوتابی یان ئافرە ت ئە ڤە ژی بە لگـە یە کو ئافرە ت سە رکە فتن دئینیتن د هە می بوارادا چ سیاسـی بیت یان کومە لایە تی یان ئابوری.

هدایە نوری یحیی بە رپرسـا ناوە نـدی فایـدە : ئافرە ت سـە رکە فتنیت جیـاواز یت هە ین ژ لایی کومە لایە تی ئابوری و سیاسی و کومـە لایە تی کـو دناڤ مالی کاردکە ت و هە روهسـا ژ دە رڤـە ژی، ئە م چە ند بە حسـی ئافرە تی بکە ین کیمـە چ پە یڤ نین شـین دە ربرینـن هیز و شـیان و جوانیا ئافرە تی ....ئافرە ت بدە ستی خو یی راستی لانتکی دهە ژینتن و دشـیت بدە سـتی خو یی چە پی دشـیت دنیایی بهە ژینتن ! جوانترین دیاری خودی دایە گە ردوونی ئافـرە تە، و دناڤ هە می ئاینـادا و کومـە لگـە ە دا ئافرە ت یا پیروزە ....

وسـن مایکل بە رپرسـا ناوە ندی تلکیف : ئافـرە ت پە یڤە کا تـژی حژیکرنە و ڤیانە و هیزە و شورە شگیر و خە بات کە رە و سومبلا هیزایە تیی یە، ئافرە ت مروڤە کی ساخلە مە هە ردە م بزاڤا دکە ت بگە هیتە هە می ئارمانجیت خو بی تقسیری خو هە کە ل چە ند ئاستە نگی دا بوریتـن . ئافرە ت دە نگە کی بهیـزە دناڤ جڤاکی دا، کو هە ر سال ل روژا ٣/٨ ئاهە نگ ل هە می جیهانی تیتە گیراندن دا کـو بیتە دیارکرن کو ئا فـرە ت وە ک زە لامی یە دشیت هە می بوارادا کاربکە ت وە ک زە لامی خودان مافە خودان کارە خودان شیانە ..... ئافرە ت پیتڤی ڤی روژی بتنی نینە کو یـا بە رچاڤ بیتن چنکـی هە روو روژ جە ژنـا تە یە هە ر روژ سە رکە فتناتەیە.

هدایە نوری یحیی

حنان بشیر خدر

وسن مایكل

لیلیان فازل

ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کـــــورد

گومـــان لــەوەدا نییە شــوێنی ئافــرەت لــە هــەر کۆمەڵگەیەکـدا ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە کـە ڕاسـتیی ئـەو کۆمەڵگەیە و ڕەوت و شـێوەی ژیان و بیرکردنەوە و ئاستی ژیاری تێدا ڕەنگدەداتەوە.

ئافرەتیـش بە درێژایـی مێژوو بە پایـەی جیاجیادا تێپەڕیـوە و هەندێ جار ڕۆڵی بەرچـاو و هەندێ جاریش بێ ڕۆڵ بـووە، لە هەنـدێ ناوچەدا شـوێنی بەرچـاوی بووە و لە هەندێ ناوچەدا دیار نەماوە.

بیاڤی کولتوری کوردستان، پانتایی سـەرهەڵدانی ئایین و سیسـتمە ئە بسـترا کتە کا نە ، کـە لـە یەکەمیـن دەستپێکەکانی خۆی لە گـە ڵ تا یبە تمە ند ییـە ئافرەتانـەکان و پلەو پایەی خوداوەندی دایک گرێی خواردووە.

ئامینە ئەیوب سـلێمان، مامۆستای یاریدەردەر و جێگـری راگری پەیمانگای تەکنیکی مێرگەسـۆر پێی وایە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە هاوبەشـەکانی زۆربەی ئەو ئاسـەوارانەی کە لە کولتورە سەرەتاییەکان دۆزراونەتـەوە، پەیکەرەکانـی خوداوەندی دایکە، بوونی ئەم ئاسەوارە لەم کۆمەڵگایانەدا لەلایەکـەوە نیشـانە و ڕەنگدانـەوەی ڕۆڵ و پێگـەی کۆمەڵایەتی تایبەتـی ئافرەتەو لەلایەکیتریشەوە تێگەیشـتنی مرۆڤەکان لە پێگەی ئاسـمانی و ئاماژە بە هێزی ئافرەت لە سیستمی ژیان دایە. ئافرەت بۆ خۆی هـۆکاری توانایی و زایین لە سیستمی کشـتوکاڵی نوێیە، هـاوکات لەگەڵ هێـزی کاری مرۆییەکەی وەک سـەمبول و هۆکار و سەرچاوەی زاوزێ و بارگیری زەوین گۆڕدرا و ئەم بابەتە کە ئافرەت بۆخۆیشی خۆڵقێنـەرە و هەمیـش هـۆکاری بەرهەمدانـی زەوینە، لە هزری خەڵکی ئەم سـەردەمە ڕیشـەی کوتاوە. لێکۆڵەران ئەڵێن: هێمـاکاری خوداوەنـدی دایـک هەرچەنـد لـە ڕواڵەتـدا زۆرتر سـەرنج بـە تایبەتمەندی ڕەگەزی دەدات، واتای بەربڵاوتری

لە زاوزێ، داهێـنان، بەرهـەم هێنـان و فراوانـی بەدوایە، کە بەتایبـەت بە واتـای کشـتوکاڵ و چاندنی دانەوێڵە و ئاژەڵداری پێکەوە لکاوە.

هەموو ئەمانـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵ و پێگـە کۆمەڵایەتییە گرینگـەی ئافرەتان لە مێژووی گەلی کـورددا هەیانبووە بێین و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لـە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای کـوردەواری، ئازایەتی و بوێرییان بخەینـە بـەر بـاس، سـەرەڕای نەبوونی مێژوویەکی نووسـراوە و بە بـەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەگەڵ ئەوەی کوردستان لە ڕووی هەڵکەوتـەی جوگرافییەوە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت و ئەم کۆمەڵگایانەش بە کۆمەڵگای پیاوسالار ناسراون و بمانهەوێ و نەمانهەوێ کاریگەرییان لەسـەر کولتوری ئێمەی کوردیش داناوە، لـەو کۆمەڵگایانەدا ئافرەت هیـچ ڕۆڵێکی بۆ بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵـگا نەگێڕاوە و تەنانـەت کاڵایەکن بۆ خزمـەت بە پیـاو و چۆنیان ویسـت وایش بەکاریان دەهێنن و دەیانچەوسێننەوە.

ڤیان خدرشێروانی، بەڕێوەبەری قوتابخانە پێیوایە کـە ئافرەتی کـورد لەدێرزەمانەوە لـە کۆمەڵگەیەکـی زیندووە، بـەردەوام لە گەشەدایە هەردەم گۆرانکاری بەسەردا دێت، خەڵـک بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنولۆجیا و تۆرەکۆمەڵایەتیەکانـەوە ئـاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهانن. ئاسـتی ڕۆشنبیری ئافرەتـی کـورد قۆناغێکـی باشـی بریوە هەوڵیانداوە لەکاروانی پێشـکەوتن دانەبڕێت، پێشتر لە کوردستان ئافرەتی کورد زۆرێکیان دەچونـە بەرخویندن، بەڵام ئێسـتا ڕێژەیان زیادیکردوە ئەگەر تەماشای زانکۆکان بکەین خۆشـبەختانە ژمارەیـان زۆرە، هەوڵدەدەن

لەقۆناغـی پێشـکەوتن و زانسـت دانەبڕێن ڕۆڵێکـی کاریگەریان هەیـە، لەبەڕێوەبردنی فەرمانگەکانیـش کاردەکەن وەک بەڕێوەبەر، لەچالاکی رامیـاری وفەرهەنگی وکۆمەڵایەتی بەشدارن و ئێسـتا خۆیان خاوەن بریارن، هەمـوو بەبەرسـتە کۆمەڵایەتیەکانیـان بەلاوە نـاوە توانیویانە بگـەن ئامانجە پیرۆزەکانیان.

هەروەهـا ئەڤیـن محەمـەد خانەمیر، ئەندامـی ئەنجومەنی مێرگەسـۆری یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان دەڵێـت: بارودۆخی ئافرەتانـی کـورد لـە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بوارەکانی تر پێشـکەوتنی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە لـە کوردستان ئافرەتانی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا جـێ پەنجەیان دیارە ولە پێشـکەوتن و سـەرکەوتنیان لە ڕووی فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتی لە ئێسـتاو لە رابـردوو تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پەروەردە کردن و بەڕێوەبردنی خێزان و ئاشـنا کردنیان بە کلتوری جوانی کوردەواری و پیشـاندانی فەرهەنگـی کوردی بـە جیهانـی دەرەوەو ناوەوە بۆیـە ئافرەتانی کـورد هەموو کات ماندوونەناسـانە شان بەشـانی پیاوەکانیان کاریـان کـردوە بـۆ پێشخسـتنی گەل و نیشتمانەکەیان.

ئافرەتی کـورد لەناسـاندنی کولتووری کوردی ڕەسەنایەتی خۆی هەمیشە پێشەنگی ئافرەتانـی تر بوە،لـەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەرکێکی زۆری لە سەرشـان بووە لە رابردوو

ڤیان خدرشێروانی

ئامینە ئەیوب سلێمان

ئەڤین محەمەد خانەمیر

لەتاراوگەوە

فه زیله شۆرش - هۆڵەندا

بەهای ئازادی تاك لە تێنەپەراندنی سنوری ئازادیەکەیە

ئازادی مرۆڤ لەمافە هەرە گرنگەکان و بەهاکانی مرۆڤـە بەتایبەتـی ئـازادی کۆمەڵایەتـی کـە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ بەهەڵسوکەوتی تاک هەیە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بناغەی ئازادی و مافی تاکە، گرنگە یاساش پارێزەری ئەم ئازادی و مافە بێت، هیچ تاکێک بۆی نیە بەبیانوی ئازادی سـنوری ئازادی تاکێکی تـر تێپەڕێنێ، ئازادی پێویسـتی بەبیرێکی عەقڵانی هەیە لەپاڵ ئەوەی بەیاساش ڕێکخراو بێت.

لەوڵاتە ئەوروپیەکان لەگەڵ هەموو ئازادیەی کە مرۆڤ هەیەتی، بەڵام ئازادیان سـنوردراوە، واتە تاک بۆی نیـە بەکەیف و زەوقـی خۆی ئازادی خـۆی بەکاربهێنێ و ئازادییەکەی ببێتە کێشـە بۆ ئەویتر، بەڵکو هەمووی بەدەسـتوور و یاسـا ڕێکخراوە، تێپەراندنی سـنووری ئازادی لەم وڵاتە سازی خۆی هەیە.

لەساڵی ١٩٧٩ زایینی لەفەرەنسا بەیاننامەیەکی شۆرشـی فەرەنسا ئاماژەی بە ئازادی کردووە کە هەر مرۆڤێک ئـازادە، بـەڵام بەمەرجێک نابێت ئازادی مرۆڤ کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە هەبێت.

لەهۆڵەنـداش ئـازادی تـاک لەچوارچێوەی دەسـتوور دیاریکـراوە و لەبەر گرنگیەکەشـی لەبەشـی یەکەمی دەسـتوور هاتووە. وەزارەتی کۆمەڵایەتیش بۆ جەختکردن لەسەر مافی ئازادی تاک و گرنگی چۆنیەتـی بەکارهێنانی ئەم مافە، نامیلکە و ڕوونکردنەوەی چاپکردووە و خسـتۆتە بەردەست خەڵک، تا خەڵک هۆشیار و ئاگاداربێت لەمافی ئازادی کە بۆی ڕەخسـاوە و، بەهاکەشی لەچۆنیەتـی بەکارهێنانیەتـی و تێنەپەراندنـی سنووریەتی.

و لەئێستاشـدا چونکـە ئافـرەت لە نـاو هەندێک لە عەشـیرەتەکاندا لە رابردوودا ئازادیەکی وەهای نەبووە، بگرە ئازادیەکەی زۆر سنووردراربووە بۆیە هەمیشە لەسەر مافی خۆی شـەری کردووە و تارادەیەک ئەم بیرورا پیاو سالارییەی گۆریوەو ئازادیەکی بۆ خۆی بەدەست هێناوە بیرکردنەوەکانیانـی گۆری وە بۆیە لەسـەر زاری هەموو کەسـێکە کە دەلێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیەو دایکی نیوەکەی تریشە لە کۆتایدا هیوادارم ئافرەتانی ولاتەکەم وەک هەمیشـە بەردەوام بن لەسەر پێشکەوتنی کلتوری کۆمەلایەتی فەرهەنگی ولاتەکەیان و بەرەو پێشـبردنی کوردستان لەم ڕوەوە.

نیگار نجات

هەولێر
ژمارە (٣٦٢٦) ٢٠٢٢/٣/٨

لە هێلینەوە

– بە پێی راپۆرتێک کە لە "تازە نیوز" بڵاو کراوەتەوە، ئافرەتانی ئۆکراینی لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان وەکو کتێبخانە، مۆزەخانەکان، شان بەشانی پیاوان چالاکی ئەنجام دەدەن، کە زۆربەی چالاکییەکان ئامادە کردنی خۆراک بۆ سەربازەکان و یان دروستکردنی پارێزبەندییە، کە بە پارچە قوماش و تۆڕی ماسی گرتن دروست دەکرێت، بە رەنگێک کە سەبازەکان و زرێپۆشەکان لە بینین و چاودیریکردنی سەبازانی روسیا بپارێزرین و نەبینرێن، لە گەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک ئافرەت لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن لەو وڵاتە چەکیان هەڵگرتووە و بەرگری لە وڵاتەکەیان دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ماوەیەکە شەڕلە نێوان روسیا و ئۆکرانیا دەستی پێکردووە و لە ئۆکرانیا سەدان کەس کوژراون و بە هەزاران کەسیش ئاوارە بوون.

– هەفتەی رابردوو، کۆشکی سپی رایگەیاند، "جوبایدن" سەرۆکی وڵایەتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا دادوەر"کتانجی براون جکسون"ی تەمەن ٥١ ساڵ کە ئافرەتێکی رەش پێستە بۆ ئەندامیەتی لە دیوانی باڵای دادورەی ئەو وڵاتە کاندید کردووە، ئەمەش دوای دوو سەدە یەکەم جارە ئافرەتێک بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێت ."دەستنیشانکردنی "کتانجی" بۆ ئەو پۆستە وەک ئافرەتێکی رەش پێست مشتومری زۆری لە نێوان جمهوریخوازان و دیموکراتخوازەکانی ئەو وڵاتە دروست کردووە. ئەندامیەتی لەو شوێنە بەرزترین ئاستی دەزگای دادوەری ئەو وڵاتەیە.

– دوای شەش مانگ لە داخستنی زانکۆی "کابول"لە لایەن دەسەڵاتدارانی تالیبانەوە کە دێرینترین و بڕواپێکراوترین زانکۆی ئەفغانستانە، بە مەرجی جیاکردنەوەی کوڕ و کچان و هەروەها پۆشینی حیجاب بۆ کچان، بەرووی قوتابیانی زانکۆ دا کرایەوەو ئەمەش بوو بە جیگەی دڵخۆشیی قوتابیانی ئەو زانکۆیە کە دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، لە لایەکی تر "ئەمیری" کە ئافرەتێکی ئەفغانییە و نوێنەری تایبەتی ئەمەریکایە لە کاروباری ئەفغانستان لە سەفەرێکیدا بۆ قەتەر رایگەیاند: ئەگەر ئەفغانستان بیەوێت بەرەو سەقامگیری هەنگاو بنێت،پێویستە لە بەهرە و توانای ئافرەتانی ئەو وڵاتە سوود وەربگرێت.

– بە پێی لێکۆڵینەوەکان، لە جیهاندا بەشێکی زۆر لەخەڵک بە تایبەتی ئافرەتان بە هۆی سووڕی مانگانە و منداڵبوون بە دەست کەمخوێنی و کەمی ئاسن لە لەشیاندا دەناڵێنن، هەر بۆیە رێنمایی ئافرەتان دەکات کە سوود لە سەوزەی "مەعدەنوس" وەربگرن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، "مەعدەنوس" بە ئاستێکی بەرز هاوکاری جەستە دەکات کە ویتامین (سی) بە باشی وەربگرێت، کە سەرچاوەیەکی گرنکە بۆ چارەسەری کەمخوێنی لە لەشدا.

نەسرین حەسەن

هەشتی ئادارێ روژا ژنێن کوردستانێ

عبدالکریم باتماز

هەشتی ئادارێ روژا ژنێن کەدکارێن جیهانێ،کو ژ ئالیێ نەتەوێن یەکبوی وەک روژا ژنێن جیهانێ هاتییە قەبیلکرن. لسەرانسەری جیهانێ ئەو روژ وەک شاهییەک دهێتن پیروزکرن. ژبەرکو ئەو روژ وەک روژا ژنان دهێتە نییاسین. گە لو لکوردستانێ روژا پیروزکرنا ژنێن جیهانێ چەوانە؟ لدیروکا کوردستانێدا ژنێن کورد ناڤێن خۆ چەوا نڤێسینە. دە ما ئەم هەمی لژنێن روژ هەلاتا ناڤێن دنێرن،بتایبەتی ئەم لژنێن کورد دنێرن : هە ردەم لدژی کەسێن کو لسەر وان تاجیز، دە ست درێژی، هە ژاری، بە لەنگازی و زوڵم و زهنییەتا زە لامی بەرە ڤانیکرییە.

ژن دشێت دهەمی بواراندا گەلەک کاران برێڤە ببتن، ژبلی کارێن مالێ یێن روژانە. ژنێن کوردستانێ لدیروکێ دا هە ردەم وەک شێرەژنەک زاروکێن خۆ مەزنکرییینە هاریکاری و پشتگرییا زەلامان کرییە.

ژنێن کورد دقادا سیاسی و دیروکێ دا گەلەک سەرکەڤتن بدەستڤە ئینانە. ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە دیروکێ بسەدان ژنێن کورد ناڤێن خۆ وەکو قەهرەمان لدیروکێ دا تومارکرییە. وەکی (خانما قازی محەمەدی مینا خانم، نەسرین بەدرخان، خانما عەلی شێر زەریفە خانم، کچا صالح بەدرخان رەو شەن بەدرخان، خانما سەید رزا بەسێ خانم، و لە یلا قاسم ...هتد) بێ شک دەست کەڤتێن تێکوشینا ژنێن کورد کو دئەڤان سالێن دوماهییێدا گە هشتییە ئاستەکێ ناهێتە پشتگوه هاڤێتن. وەکی (لەیلا قاسم) سەرێ خۆ لبەر رژێما بەعس نەچەمانت لدژی کولانیا لیزما لجیهانێ بۆ سەمبولا شە رەڤ و ئازادیێ هەروەسا بۆ سمبولا نەتەوەێ کورد. هەلویستێ (لەیلا قاسمێ) هەتا نوکە ژی دناڤ گەلێ کوردستانێ دا وەک شەمالکەکێیە . وەختی دژی جەلادێن خو جسارەتێ نیشاندتن. و هەروەسا دبیژت (من بکوژە ل راستیێ بزانە کو بمرنامن بهزاران کورد دێ هشیاربن) پشتی گوتنا خۆ سرودا ئەی رەقیب چوو سەر مێزا دارڤە کرنێ . (لەیلا قاسم) کەسایەتییا وێ لهەمی کوردستانێ بەربەلاڤ بی، هزار سلاڤ ل کەسێن کۆ دئەڤان تێکوشیناندا جهگرتییە .

هەشتی ئادارێ روژا ژنێن کەدکارێن جیهانێ یێن ب ئێش و نەخوشی دەرباز کرین، *بتایبەتی هەمی ژنێن کوردستانێ پیروزبتن.

ئافرەت د ٨ ێ مارس دا

دلڤین شەمال

> ل پرسێن نەتەوەی وسیاسی رولەکێ کاریگەر هەبیە د بەرگری کرنا وەلاتێ خوە ب تایبەت د شورشێن کوردی دا بێ ترس چەک هەلگرتیە بەرەڤانی ل وەلاتێ خو کریە،ل پرسا ئابوریدا رێڤەبەرەکا سەرکەفتی بیە شیایە ببیتە خودان ئابوریەکا سەربەخۆ

٨مارس جەژنەکا جیهانی یا ئافرەتانە کو هەر سال ئەڤ یادە ل سەرانسەری جیهانێ دهێت ساخکرن کو دڤێ رۆژێدا ئەرک وماندیبوون و رۆلێ ئافرەتێ د وێ سالێدا هێت دیارکرن،هەلسنگاندنا خوراگری وبەرگریا وێ د بەرامبەر وان ئاستەنگێن دناڤا جڤاکیدا هاتینە پێش شیایە ژبو بدەست ڤەئینانا مافێن خوە بەرگری ژ خو کریە .هەلبەت ئەڤ یادە دەرفەتەکە ژبوو گوهداری کرن ل بیروبوچوون وداخازییێن ئافرەتان ل دوور مافێ بەشداریا وانا د پرسێن سیاسی،ئابوری،جڤاکی،مرۆڤایەتێ دا و تیشک ئێخستن ل سەر وان بابەتێن پەیوەندی ب ئافرەتێ ڤە هەیە شیانێن خوە د وان بواراندا دیاربکەتن وهەروەسا کارکرن ل سەر یەکسانیا هەردوو رەگەزان ل ئەرک ومافاندا .لەوما دبینین ل سەرانسەری جیهانێ دا ئەڤ هەلکەفتە گرنگیەکا زۆر پێ دهێت دان کو وەک رێزگرتنەک ژبوو هێزوشیان و خوراگریا ئافرەتێ ؛بۆ جارا ئێکێ ئەڤ یادە هاتیە ساخکرن ژ لایێ حزبەکا ئەمریکی ڤەبوو ل سالا ١٩٠٩ ز ب هەوەکێ رابون داکو ئافرەتێ مافێ بەشداریا دەنگدانێ هەبیت وەک زەلامی و ئەڤ هەوەیە بەرفرەه بوو ل ویلایەتا ئێگرتیا ئەمریکا وپاشان ل هەمی جیهانێ بەربلاڤ بوو،هەر وەلاتەکی ب شێوازەکی ساخکرەڤە تاکو رۆژا ٨مارس وەک رۆژەکا جیهانی ئافرەتان هاتیە دەست نیشان کرن هەر ل وی دەمی وتا نها ئەڤ یادە ب هند چالاکیێن جوراوجور دهێت ساخکرن .ل کوردستانێ ژی مینا هەمی وەلاتان ٨ مارس دهێت ساخکرن وگرنگیەکا تایبەت ب پرسا ئافرەتێ دهێت دان ژ لایێ حکومەتا هەریمێ و رێکخراوێن بوارێ ئافرەتان،ئێکەم رێکخراوا تایبەت ب پرسا ئافرەتێ هاتیە دامەزراندن ل سالا ١٩٥٢ ل سەر دەستێ بابێ رۆحی نەتەوەی بوو وەک پێدڤیەکا سەرەکی ل وی دەمی ژ بوو بەرگری و داکوکرن ل مافێ ئافرەتێ د ناڤا جڤاکێ مە یێ عەشایریدا،کو ل وی دەمێ ئافرەتا کورد ل زۆر مافان بێ بەهربوو (خاندن،کارکرن،هەلبژاردنا هەڤژینێ ژیاناخو،ئازادیا دەربرینا بیروبوچوونان،...)،رێکخراوا ئیکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ل دەست پێکا کارێ وانا ب نەهینی ژ بەر بارودوخێ نالەبارێ وی دەمی تا نها د ٦٩ سالێت تەمەنێ خو ێ پر تێکوشان قوتابخانا پێگەهاندنا ئافرەتێ بیە .ئافرەتا کورد وەک ئافرەتێن جیهانێ بەلکو زیاتریش سەختی و دژواریا ژیانێ بوراندیە وکار ل سەر یەکسانیا هەردوو رەگەزان کریە ژبوو بدەست ڤە ئینانا مافێن خوە سیاسی،ئابووری،جڤاکی،مرۆڤای ەتی،نەتەوەی،...)،دڤان هەمی بواراند رۆل هەبیە،ل پرسێن نەتەوەی وسیاسی رولەکێ کاریگەر هەبیە د بەرگری کرنا وەلاتێ خوە ب تایبەت د شورشێن کوردی دا بێ ترس چەک هەلگرتیە بەرەڤانی ل وەلاتێ خو کریە،ل پرسا ئابوریدا رێڤەبەرەکا سەرکەفتی بیە شیایە ببیتە خودان ئابوریەکا سەربەخۆ،هەروەسا د جڤاکیدا ژی رۆلەکێ مەزن گێرایە و شیایە ب سەر وان ئاریشە و ئاستەنگێن دهێنە بەرامبەر زال بیت ببیتە خودان پێگەهێ خوە و تا ئەرک و بەرپرسیاریەتێن مەزن ب رێڤەببەتن ل سکتەرێن حکومی وحزبی ورێکخراوەی کو بویە نموونەیا ئافرەتا خوراگر نە بتنێ ل کوردستانێ بلکو ل جیهانێ دا،ئەڤەژی وێ هندێ د سەلمینت کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ وپارتامە پشتەڤەنەکێ هەرە مەزنێ ئافرەتێ بوویە ولەوما نها کچ و ئافرەتا کورد خودان باوەری و پێگەهێ خوییە .